# "له یادی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژندا"

**ن: شەهلا حەیدەری**

**و:عەزیز ئاجیکەند**

هەشتی مارسی ئەمساڵ بۆ ژنانی ئێرانی ئەولاتر لە رێزگرتن لە رۆژێکی مێژوویە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەم جارە ژنانی ئێران بۆ وەلانانی نیزامی پڕ لە زوڵم و زۆر ۆ پیاومەزنی کۆماری ئیسلامی بە ئێرادەیەکی پۆلاییینتر و بەتین وتەوژمێکی تایبەتی دەنگی حەقخۆازی خۆیان بۆچارەسەرکردنی چەوساندنەوەی ڕەگەزی و بەدەستهێنانی ئازادی و یەکسانی بەرزدەکەنەوە. ئەوان لەبەرەکانی پێشەوی خەبات دژی ئەم رژیمەدان و لە نارەزایەتی جەماوەری و حەق خوازانەی ئەم دواییانەی کۆمەڵانی خەڵکی ئیراندا، شێلگیرتر لەجاران لەمەیدانی ئەم ململانێ چارەنوس سازەدا بەشدارن و رۆڵ و کاریگەری بەرچاویان هەیە .

"نێدائاقاسوڵتان"یەکێك لەو کچە لاوە خوێنگەرمانە بوو کە هەر لەم خەباتە حەق خوازانەیەدا بەدەستی جەللادانی کۆماری ئێسلامی خوێنی سوور و گەشی لەسەرشەقام رژا و بوو بە سیمبولی جیهانی بۆ دژایەتی کردنی لەگەڵ هەرجۆرە سەرەڕۆییەك. هەر بەم بۆنەوە و بۆیادی نێدا و بۆ رێزگرتنی ئەو روخسارە خۆشەویستەی نێو کۆڕی گەرمی خەباتی ژنانی زۆرلێکراو، لەگۆشە وکەناری جیهان هەنگاوگەلێکی پربایەخ هەڵێندرایەوە: رۆژنامەی تایمزی لەندەن وەك کەسایەتی ساڵ ناساندی، پەیکەرسازانی ناسراو پەیکەری و، نیگارکێشە ناسراوەکان دوایین وێنەی لەبیرنەکراوی و، گۆرانیبێژانی ناسراو گۆرانی و سرودیان بە یادیەوە چڕی و لە شارە گەورەکانیش شەقامەکانیان بە ناویەوە ناوزەدکرد و بەم شێوەیە خەباتی ئازادیخۆازانەی خەڵکی ئێران و بەتایبەتی ژنانیان بەرز نرخاند.

لەبنەڕەتدا هەلومەرجی ژێردەستەیی کە رژیم بەکەڵك وەرگرتن لەیاسا و رێسا و شەریعەتی ئێسلامی لەماوەی ٣١ ساڵی رابوردودا کە بەسەر ژنانی ئێراندا سەپاندوە یەکێك لەوهۆکارە گرینگانەیە کە بواری لەباری بۆ ئاخێزی جەماوەری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەدوای شانۆگەری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لەمانگی جۆزەردانی ساڵی٢٠٠٩دا رەخساند.

لەکۆماری ئێسلامیدا ژنانی ئێران تەنیا بەهۆی ژن بونیانەوە بەپێی یاسای هەڵاواردنی سەرچاوەگرتو لەئێسلام، لەگەڵ سیاسەتی سنووردار و بێ بەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەربڵاو رووبەرووبوون و ژیانێکی سەرتاپا ڕۆژڕەشی و پڕ لەچەرمەسەریان بەسەردا زاڵکراوە. ئازادی لەبەرکردنی جل وبەرگ لە ژنان زەوتکراو حیجابی زۆرەملی بەسەریاندا سەپا. یاسای دژە ئینسانی لەچەشنی چەند ژنە لەبەرژەوەندی پیاوان سەرلەنوێ دارێژرایەوە و یاسای هاوسەرگیری و تەڵاق لە بەرژەوەندی پیاوان نوێژەن

کرایەوە. سەرپەرشتیکردنی منداڵانی سەرەوەی٧ساڵ لەدایکان سەندرایەوە. یاسای دژە ژن لەپەیوەند لەگەڵ مارەیی، میرات و شایەتی پەسەندکرا. یاسای کۆن و داڕزیوی دژە بەشەری بەردباران لەپێوەند لەگەڵ ژنان سەرلەنوێ بەرێوەبرا. لەبەشداریکردنی ژنان بۆ بەشیك لەبۆارەکانی وەرزش و هەروەها بەشێك لەچالاکیە هونەریەکان کۆسپ و تەگەرەی خرایە بەردەم و قەدەغەکرا و بەدەستهێنانی هەلی کار بەرادەیەکی بەرچاو بۆ ژنان قەدەغەکراو... بەم شێوەیە ژنانی ئێران لە ماوەی٣١ساڵی دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامیدا بوون بە یەکەمین قوربانی و کەوتنە ژێرباری جۆرەها بێ ڕێزی و مافەکانیان زۆر دڕندانە پێشێلکرا.

لە نێو ئەو هەموو ساڵە رەش وپرمینەتیەدا، ژنانی ئێران بەخەباتی رۆژانەی خۆیان وماندویی نەناسانە لەگەڵ نوێنەرانی نەزان وسەرکوتکەری کۆماری ئێسلامی کەوتنە خەبات و بۆ داکۆکی کردن لە ویست و داخۆازی و مافی پێشێلکراویان ڕاپەڕین و خەباتی خۆیان شێلگیرانە بردە پێش.

ژنان لەیەکەم ساڵی دەسەڵاتی ئەم رژیمە و لە ڕۆژی٨ی مارسی ساڵی١٩٧٩ی زایەنی بەوتنەوەی دورشمی**"نە رووسەری نە تووسەری"**واتە نا بۆ لەچك، نا بۆ سەرکوت لەگەڵ سیاسەتی دژبەژنی ئەم رژیمە کەوتنە ململانێ و هاتنە نێو کۆڕی خەباتەوە. هەر لەم رۆژەوە تا هەنووکە لەململانێیەکی روودەرڕوو و پڕ لەهەوراز و نشێو و نایەکساندان لەگەڵ پارێزەرانی کۆنەپەرستی کۆماری ئێسلامیدا.

ژنان ئەمساڵیش چالاکانە بە بەشداری بەرچاوی خۆیان لەخەبات و لەخۆپیشاندانە نارەزایەتیەکانی جەماوەری دڵ پر لەقین و ڕاپەڕیوی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دژی سەرکوتگەرانی کۆماری ئێسلامی کە لەماوەی ٨ مانگی ڕابوردوودا لە ئارادا بووە هەروەك ساڵانی رابوردوو سەلماندیان کە بەشێکی گرینگ و جیانەکراوەی هێزی سەرەکی بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی ئازادیخۆازی و عەداڵەتخۆازین لەئێران.

ژنان بە بەشداری بەردەوامی خۆیان لەنارەزایەتیە گشتی و سەرشەقامیەکان، لەملّملانێ لەگەڵ سەرکوتگەرانی ڕژیم لە زانکۆ و لە"کوی دانیشگا"، بە بەشداری بەکۆی خۆیان لەبەردەرگای گرتووخانە و بەندیخانەکانی ڕژیم و بە نارەزایەتی بە دەستبەسەرکرانی کچان و کوڕان، لە ڕێگای کۆبوونەوی رێکخراوی دایکان لەپارکی لالە، بە کۆبوونەوە لەسەر گڵکۆی ڕۆڵەکانیان لەخاوەران و...هتد، نیشانیاندا کەئاڵاهەڵگری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و عەداڵەتخۆازین و دژ بە هەرچەشنە زوڵم و زۆر وسووکایەتی و بێمافی و سەرەڕۆیی و دواکەوتوییەك، ڕاپەڕیون.

دایکانی دل پرلەقین و رەشپۆش بەجێگای دانیشتن لەکونجی ماڵ وماتەمین بوون لە یادی جگەرگۆشەکانیان، ئەمجارە بەشداری بەردەوامی خۆیان لەنێو کۆڕی جەماوەری ڕاپەڕیودا

هەڵبژارد و بەجێگای دابونەریتی تۆڵەکردنەوی تاکەکەسی، بوون بەپەیام هێنەری بەرێوەبردنی عەداڵەت وبوون بەسیمبولی ئاشتیخۆازی.

ژنان بەپێی تواناییگەلێك کە لەبواری شکڵپێدانی کردەوەی دیموکراتیك، هاودەنگی وهاوڕایی وهاوئاهەنگی و کەمپێنەکان و پێکهێنانی گرووپگەلی ئاشتیخۆازی و پیشتیوانی مافی مرۆڤی ژنان و... هیتد، کە لەخۆیان نیشانیانداوە، ئەم توانایانەیان بەدەستهێناوە کە وتووێژ لەبۆارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری کۆمەڵگا بکەنە جێگری توندوتیژی و کۆنەپەرستی و دواکەوتویی.

واپێشدەروا و ئەم جارە و لەکۆتایی ئەم خەبات و ململانێ دژوارەدا ژنان بزمار لە تابووتی کۆماری ئیسلامی بدەن و بە جێگای ماتەمگێڕانی هەر ڕۆژە بۆ جگەرگۆشەکانیان، کۆتایی بە زۆڵم و زۆر و تاوان و جینایەت بێنن و ڕووخان و نابوودی کۆماری ئیسلامی جەژن بگرن.

٨ی مارسی ئەمساڵ تایبەتمەندییەکی تریشی هەیە، ئەویش بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی نێونەتەوەی ژنانە لە ئەوەڵی مارسی ئەمساڵدا کە تا١٢ی مارس لەنیوێورك و لەشوێنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ژێرناوی "یەکسانی، گەشە و ئاشتی" درێژەی دەبێ و ئەم کۆنفراسەش لەدرێژەی کۆنفرانسی پەکیندایە کە١٥ساڵ لەوەپێش لە وڵاتی چین بەرێوە چووە. ئەم کۆنفرانسە تایبەتە بە باسی لێکدانەوە و تاوتوێکردنی بارۆدۆخی کۆمەڵایەتی و مافی ژنان لە ئاستی جیهاندا.

پێویستە بوترێ کە لەم کۆنفراسەدا رێکخراوە سەربەخۆکان(NGO) و هەروەها نوێنەرانی دەوڵەتانی جۆراوجۆر بەشداری دەکەن. لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و"کۆمیسیونی جێگە و پێگەی ژن" راپورتێکی دەبێ لە مەڕ بارۆدۆخی ژنان لەماوەی١٥ساڵی رابوردوودا لەدوای کۆنفرانسی پەکین کە لەسەر دۆخی ژنان کە لەگۆشە و کەناری جیهان رویداوە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە کردەوەی دژی ئینسانی خۆی کە هەر لە سەرەتاکانی بەدەسەڵات گەیشتنی تا هەنووکە بەرامبەر بە ژنان لەخۆی نیشانیداوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سیاسەتانە لەلایەن رژیمەوە کە سەرچاوەیەکی ئیدئۆلۆژیکی هەیە، روون و ئاشکرایە کە لەم١٥ساڵەی دواییشدا سەرەڕای واژۆکردنی پەسەندکراوەکانی پەکین لە بۆاری ئاڵوگۆڕپێکهێنانی ئەم کردەوانە و تەنانەت باشکردنی بارۆدۆخی ژنان و بۆ داسەپاندن و بەکردەوەدەرهێنانی پەسەندکراوەکانی کۆنفرانسی پەکین، نەتەنیا هیچ هەنگاوێکی هەڵنەهێناوە بگرە بەردەوام بە پێچەوانە و بە پێشێلکردنی ئەم پەسەنکراوانە هەڵسوکەوتی کردوە و بەرەوپێش چووە. بێگومان کۆماری ئیسلامی لەم پەیوەندیەشدا کارنامەیەکی سەرتاپا ڕەش و قیزەونی هەیە. چالاکانی خەباتگێڕی ڕێگای رزگاری ژنان، کە لەسێبەری بێ بەرەکەتی دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامیدا ناچار بە بەجێهێشتنی وڵات

بوون و ئێستا دانیشتویی هەندەرانن بە دڵنیایەوە بۆ گەیاندنی ڕاستیەکانی پەیوەندیدار بە بێ مافی ژنانی ئێران بە گوێی بەشدارانی کۆنفرانس ساتیك خافڵ نابن و سیاسەتی دژەمرۆڤانەیی کۆماری ئیسلامی لەئاست زۆڵم و زۆریەکان و بێ مافیەکانی ژنان دەگرنە پێش و بە بەرپرسیارێتییەوە روڵ و کاریگەری مێژویی خۆیان بە کردەوە دەردێنن.

خەباتگێرانی رێگای رزگاری ژنان لە ژێر چنگی زۆڵم و زۆر و بێ عەداڵەتی بە پشتێوانی بزووتنەوەی بەربڵاوی ئازادی خوازی و دژی دیکتاتۆری، ئەمساڵ بە تین و تەوژم تر لە جاران رێز لە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان دەگرن و خواستەگشتیەکانی ژنانی ئێران لە چوارچێوەی داخۆازیەکانی، ئازادی سیاسی و عەداڵەتی کۆمەڵاتی، یەکسانی سیاسی وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگی ژنان و پیاوان لەگشت چالاکیە مرۆییەکان، کۆتایی هێنان بە هەڵاواردنی ڕەگەزی، هەڵوەشاندنەوەی حیجابی زۆرە ملی، هەڵوەشاندنەوەی یاسای دژ بە ژنی بنەماڵە، هەڵوەشاندنەوەی یاسای چەن هاوسەری، هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم یاسای کۆنەپەرستی و دریژە پیدانی توند و تێژی و لە هەر شکل وشیوازیکدا و بە هەر بروبیانویەك کە بیانبێ و، بەشێوەی گشتی هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو یاسا و رێسایانەی کە دەبنە هۆکاری سەرەکی سنوردارکردن و بێ بەشی و قەدەغە بوون بە بیانووی ژنبوون لە بۆارەکانی کار و هونەرو کولتور و.... هتددا، بە سەر ژنانی ئێراندا سەپێندراوە ، ئەم جارە بە دەنگێکی زوڵاڵ هاواردەکەن. ژنان بۆ وەدی هێنانی داخۆازی حاشاهەلنەگریان بە مەبەستی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران، هاوهەنگاو لەگەڵ جەماوەری نارازی و ڕاپەڕیوی ئێران، درێژە بەخەباتی ئازادیخۆازی و عەداڵەتخۆازانەی خۆیان دەدەن.

**بژی ئازادی**

**بژی سوسیالیزم**

**٢ی مارسی ٢٠١٠**